یادی کۆچی دوایی هونەرمەندی نەوبانگی کورد ئەردەڵان بەکر تەدەپڕێت



ئەمڕۆ پێنجشەممە یادی کۆچی دوایی هونەرمەندی نەوبانگی کورد ئەردەڵان بەکر تەدەپڕێت.

دەرباز کەسرەت ڕەسول، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە یادداا نوسیویەتی، ئەمڕۆ 15 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی جوانمەرگ کاکە ئەردەڵان بەکردا تێپەڕدەبێت.

دەرباز کەسرەت ڕەسول دەشێت: ئەردەڵان، جگە لە هونەرە مەزنەکەی، خاوەن هەڵوەست و بەوەفا بوو، ئەو لە پەلی پەشمەرگەی شەهیدی قارەمان مەلا سلەمان بوو، کوڕی هەولێرو یەکێتی و کوردستان بوو.

15 ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی (10ی تشرینی یەکەمی 2009)، هونەرمەندی گەرانیبێژ ئەردەڵان بەکر، پاش نزیکەی 25 ساڵ لەکاری هونەری لەتەمەنی 43 ساڵیدا بەهۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەی کارلینسکای لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد.

کورتەیەک لە ژیانی ئەردەڵان بەکر…

ئەردەڵان بەکر یەکێک بوو لە هونەرمەندە دیارەکانی کورد و لەماوەی ژیانیدا چەندین ئەلبوم و ڤیدیۆ کلیپ و کۆنسەرتی گەرانی ئەنجامدا.

ئەو هونەرمەندە چەندین ئەلبوومی تەمارکراوی هەیە لەوانە "کچی گاور، بەزاریە، هەورامان، زەر ئەترسم، خەونەکی بوو".

ئەردەلان بەکر لەساڵی 1967 لە هەولێر لەدایکبووە و لەتەمەنی 18 ساڵیدا بەشداری لە یەزەکانی پێشمەرگە کردووە، لەساڵی 1986 یەکەم کاسێتی گۆرانی بەناوکردووەتەوە و لە ساڵی 1989 لەلایەن ئژەمی بەعس دەستگیردەکرێت، دوای ئازادبوونی لە ساڵی 1991 چووەتە وڵاتی سوید، لە ساڵی 1993 یەکەم ئەلبوومی لە وڵاتی سوید بەناوکردوەتەوە، لەماوەی ژیانی هونەریدا پێنج ئەلبوومی گۆرانی بەرهەمهێناوە، لەرۆژی (10ی تشرینی یەکەمی 2009) لە وڵاتی سوید بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد، رۆژی 14ی تشرینی یەکەمی 2009 لە مەراسیمەکدا لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە شاری هەولێر بەخاکسپێردرا.